مقاومەی ئیسلامی لە عیراق راگەیەندراوێکی هەڕەشە ئامێزی بڵاوکردەوە

لە راگەیەندراوێکدا مقاومەمەی ئیسلامی لەە عیراق ئاماژەە بە ئەوەە دەکات، ئەگەر ئەمەریکا هێرش بکاتە سەرر ناوخۆی عیراق و یاخوود وڵاتانی دەوروبەر، راستەوخۆ وەڵامیان دەبێت. رەتیشیدەکاتەوە، هیچ پاساوێك بە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە لەژێرهەر ناوێکدا نییە.

مقاومەمەی ئیسلامی لە راگەیەندراوەکەدا هەروەها دەڵێت، "گۆڕینی ناوی هێزی ئەمەریکا بە هاوپەیمانان و هەر ناوێکی دیکە، هیچ بەهایەکی نییە و بووەتە بارکی قورس بەسەر سینگی عیراقی بریندار".

دووپاتیشیکردەوە، کە "ئەمەریکا سەروەری خاك و ئاسمانی عیراقیشی پێشێل کردووە و جیا لە کۆنترۆڵی بڕیاری سیاسیش".

ئەوەشی خستووەتەڕوو، ئەمەریکا بە نیاز نییە هێزەکانی لە عیراق بکشێنێتەوە، بە پێچەوانەوە ژمارەی هێزەکانی زیادکردووە.

ئاماژەە بە ئەوەش دەکات، بەهێی پاڵپشتی واشنتن بە ئیسرائیل، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕۆژەی تاوان و کۆمەکوژییەکان زیاد دەبن.

هەشداریشیدا، "هەر هێرشێك لەلایەن ئیسرائیل یاخوود ئەمەریکا بکرێتەسەر عێراق یاخوود وڵاتێکی دراوسێ، وەڵامی راستەوخۆمان دەبێت و هێرش دەکەینە سەر هەموو ئەو شوێنانەی کە دەستمان دەیگاتێ".